

# چـــۆن بێ دایـــک و باوک ژیان

**پرسەیەکی خەمبار و بە کەسەر**

بەو بەرە بـــەری نیوەڕۆیـــە گەرمەی هاوین خەڵکەکە دوو دوو و ســـێ ســـێ لە خانووە هەشت مەترییەکە دەهاتنە دەرەوە و کۆمەڵێکی دیکە دەچوونە ژوورەوە.


چووینە نـــاو خانووەکە بۆ ئەوەی بزانین ئەو خانووە چی تێدایە و ئەو خەڵکە بۆچی بە خەمباری و ســـەربادان و ئاخ و ئۆف و کەســـەرەوە دێنە دەرەوە! کە پێمان نایە ناو حەوشەکە و بەشێکی زۆری خەڵکی گەڕەك، هەندێکیان بەپێوە و هەندێکیان بە دانیشتنەوە بەدیار تەرمی نیمچە ئاوســـا و و ئەستوور بووی (قـــادر)ەوە بوون، کابـــرا پێدەچوو، کرێکاری زۆری کردبێت، چونکە هەم قۆڵ و باســـکی بە قۆڵ و بە باسکی کەسێکی ئیشکەر دەچوو، هەمیش ناو لەپی هەموو زەبرو داڕووشـــاو بوون، ئەو سێ منداڵەشی کە لە پاشی بەجێمابوون، هوڕ هۆڕ دەگریان و بەو چاوە پڕ گریان و فرمێسکانەشیانەوە تەماشـــای خەڵکەکەیان دەکرد و وەك بڵێی لێیان دەپرسین: ئەوە بابیشمان مرد، دایکمان نەمابوو، باوکمان جێگەی بۆ گرتبووینەوە، ئەوە ئەو پشت و پەنایەشمان ڕۆیی و ئێستا ڕوو لە کوێ بکەین و کێ داڵدەمان دەدات.

خەڵکە هەندەی پێنەچوو چوون مامۆستای مزگەوتی گەڕەکەکەیان هێناو، دەســـتیان کـــرد و بە دوعا خوێندن و پاشـــان ناردیان دارەباز بێـــت و دوای کەمێك دارەباز هات و تەرمەکەیان بردە مزگەوت و شـــۆردیان، پاشان کەسانی خێرومەند کفنیان هێناو چەند پیاوێکیش چوون قەبر لێدەن، نەگەیشـــتنە پاش نیوەڕۆ، مەیتەکە بە خاکیش سپێردرا، مایەوە پاشـــەرۆژی ئەو ســـێ منداڵە بێ دایك و باوکە چ لێبکەن.

(قـــادر) کە ســـێ منداڵـــی بچووکی هەبوون، کە گەورەکەیان تازە گەیشـــتبووە چـــواردە ســـاڵی و نـــاوی (رزگار)بوو، (رزگار) تابڵێـــی منداڵێکـــی عاقـــڵ و هۆشـــمەند و بە فکر بـــوو، دەتگوت قەت ئەوە تەمەنی چواردە ســـاڵ نییە. قسە و بیرکردنـــەوەی گەلێك جوان و بەجێ و ڕێ بـــوو، کە دایکیان مرد، (قادر) ی باوکیان دەچووە سەرکار و ئەویش خواردنی بەیانیانی بۆ هەردوو بـــرا بچووکەکەی ئامادە دەکرد و پاش نانخـــواردن لەگەڵ خۆی دەیبردنە قوتابخانە. لەوێش بەڕێوەبەڕی قوتابخانەکە حانووتـــی قوتابخانـــەی پێدابوو، بۆخۆی شتی تێدا بفرۆشـــێ، لەگەڵ چاودێرێکی قوتابخانە پێکەوە کارەکەیان دەکرد و لەکاتی دەرفەتدا کە لـــە پۆل دەهاتنە دەرەوە خۆی دەگەیاندە کۆشـــکەکە و کاروبارەکانی ڕای دەکرد، یانی هەم دەیخوێند و هەمیش هەر لە هەمـــان قوتابخانەدا لـــە حانووتەکەی کارێکی دەکرد، ئەوهاشـــی ڕێکخستبوو بە جۆرێـــك لە خوێندنەکـــەی بێبەش نەبێ و کاری پێنەکا.

(رزگار) هەم دەیخوێند و کاریشی دەکرد و ئاگاداری دوو برا بچوکەکەشی بوو.

(رزگار) ئومێدێکـــی بەوە خۆش ببوو، کە باوکی مابوو، چونکە کە دایکیان مرد، باوکیان بە هەموو شـــێوەیەك هەوڵێ دەدا جێگەی دایکیشیان بگرێتەوە، دایکیان بە کەسەرێکی گەورەوە مرد، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵ، لە پڕ نەخۆشییەکی کوشـــندەی لـــە هەناوی پەیدابـــوو، پاش هەفتەیەك لەسەردانی پزیشك و خەواندنی



# دەگـــوزەرێنن؟

لە نەخۆشخانە، بەیانییەکی زوو، بۆ دواجار چاوی لێکنا، (قادر) بە مردنی خێزانەکەی کۆستی کەوت، چونکە نە دڵی دەهات جارێکی تر، لەبەر منداڵەکانی ژن بێنێتەوە، نە دەشیزانی چ لەو منداڵانە بکات، بێ دایك و بێ سەرپەرشتیار مانەوە، تاکە شتێك دڵنیایی پێدەبەخشی (رزگار)ی کوڕە گەورە و ئەو خانووە بچووکە بوو، کە بەهەر دەردەسەرییەك بێت کڕیبووی. (قادر) کە ژنەکەی بەو کتوپڕییە مرد، هەستی بە کەساسی و تەنیاییەکی زۆر کرد، چونکە بەخۆی نە برایەکی هەبوو، نە خوشکێکیش، ژنەکەشی برایەکی نەخۆش و پەککەوتە و لە جێ کەوتە، لەگەڵ خوشکێکی دێوانەی هەبوو، جار جار دەچوو خزمەتی هەردووکیانی دەکرد و ئاگای لێدەبوون، بەڵام بەوەندە باش بوو، دراوسێکانی (قادر) تا بڵێی کەسانی باش و بەرەحم و بەزەیی بوون. کە ژنەکەی مرد هەر جارەی دراوسێییەکیان، دەچوون جلوبەرگیان دەشووشتن، تا ئەوەی رۆژێك یەکێ لە دراوسێکانیان گوتیان با پارە کۆ بکەینەوە و ئامێرێکی جلشۆریان بۆ بکڕین و (رزگار)یش وردە وردە فێر بکەین چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی بزانێ، بەوە پشت بەخۆیان دەبەستن و هەروەها ئێمە دەتوانین لەلایەنی دیکەوە یارمەتیان بدەین، منداڵەکان توانیان بە یارمەتی باوکیان و دڵنەوایی دراوسێکانیان، باشتر بەرگەی بێ دایك مانەوەیان بگرن. باوکیان تەنیا کەسێك بوو کە وەك دیوارێك مابۆوە و پشتیان پێدادابوو، کە باوکیان مرد ئەو دیوارەشیان رووخا.

**چۆنییەتی مردنی قادر**

(قادر) کرێکاری کارگەیەکی بەرد شکاندن بوو، بەیانیان زوو دەچووە سەرکار و پاش نیوەڕۆیەکە دەستیان لەکار هەڵدەگرت، دەهاتەوە ماڵەوە. (قادر) و کۆمەڵێك کرێکاری تر بەشێوەیەکی فەرمی لەو کارگەیە وەکو فەرمانبەر دامەزرابوون، رۆژێك پێشینوەڕۆ بوو، خەریکی کارەکەی بوو، وەستا و کرێکارەکانی دی، خەریکی کاری خۆیان بوون، ئەویش خەریکی کاری خۆی بوو، لەو وەختە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی کارگەکە بانگی دەکات، ئەویش کە لەسەر ئامێرەکە دەبێت، پێی دەڵێ وا دێم، بەڵام کارگێڕەکە دووپاتی دەکاتەوە کە کارێکی پێویستی پێیە و هەر ئێستا بێت باشترە، (قادر) کە لەسەر ئامێرەکە دێتە خوارەوە پێیەکی دەخلیسکێ و بەر دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زنجیر و رەوڕەوەی ئامێرەکە و شەت و پەتی دەکا و هەر ئەو دەمی هەتا فریای کوژاندنەوەی ئامێرەکە دەکەون، ئەو دەمرێت و حەیاتی لەبەر دەبڕێت، ئیتر وەستای سەر ئامێرەکە و بەڕێوەبەری کارگێڕی و یەك دوو کرێکار و وەستای تریش بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی یەك دوو کاتژمێر لە بنکەی پۆلیس رادەگیرێن، دواتر کە دەزاندرێ رووداوکە بە ئەنقەست نەبووە و کەسیش بە هەڵە نەیخزاندۆتە ناو ئامێرەکەوە، ئازاد دەکرێت.

**پاش رووداوەکە**

کە رووداوکە روودەدات، پاشان بەڕێوەبەری کارگێڕی و بەڕێوەبەری راستەوخۆی کارگە، دەچنە لای منداڵەکانی (قادر) و تەماشای ماڵیان دەکەن و ئەو پێداویستیانەی کەوەك هەر ماڵێك پێویستیان پێیەتی دەینووسن و پاشان لەسەر حسابی کارگە دەیکڕن و بڕێکی پارەی باشیش وەك قەرەبوو کردنەوەو دواتر موچەیەکی مانگانەش بۆ منداڵەکانیان دەبڕنەوە و، لەیەکێك لە بانکەکانیان بۆیان دایدەنێن و (رزگار) تێدەگەیەنن کە چۆن و لە چیدا ئەو پارەیە راکێشن و مانگانە چەندی خەرج بکەن و بەردەوام بن لە خوێندن و کاری تر نەکەن، چونکە ئیتر پێویستیان بەپارە نییە بچن ئیش بکەن.

لە رووی مادییەوە ژیانی منداڵەکان دابین کرا، بەڵام ئەی لە رووی سۆز و خۆشەویستی باوکایەتییەوە ئاخۆ منداڵ تەنیا پێویستی بە پارەوە نانێکە بیخوا و بژی؟ ئایا منداڵێك کە شەو دەخەوێت پێویستی بەوە نییە کەسێك هەبێ سۆزی دایکایەتی یان باوکایەتی پێبدا؟ لێرەدا ئەرکی (رزگار) زۆر گران و باری زۆر قورسە، بۆیە نازانین ئاخۆ هەتا سەر هەتا ئەو دوو برا هەتیوەی گەورە دەکات، بێ کێشە دەبن، تا سەر دەتوانێ ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێ، کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارێتی ئەو نییە؟ ئەوە رۆژگار وەڵاممان دەداتەوە.

**ئایا (رزگار) هەتا سەر دەتوانێ دوو برا هەتیوەکەی گەورە بکات، تا سەر دەتوانێ بێ کێشە ئەو بەرپرسیارییەتییە هەڵبگرێ کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارییەتی ئەو نییە؟**

# دڵسۆزنەبوون بۆ ژیانی هاوسەرێتی

ئا: باوکی میدیا

خۆت دەزانی نزیکەی ساڵێکە من لەگەڵ (هاژە) ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێناوە، کاکە هەر لە مانگی یەکەم و دووەمەوە من لێیکەوتمە گومان، ئاخر گومانەکەشم بە خۆڕایی نەبوو، هەر لەسەرەتاوە مۆبایلەکەی ئەو تۆوی گومانەی لا چاندم، من قەت پێمخۆش نەبووە چاودێری تەلەفۆنەکانی بکەم، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی گومانی خستە دڵمەوە، هەموو جارێ نامەی بۆ دەهات، نامەکان باسی خۆشەویستی و عەشق و ئەڤین بوون، یان تەلەفۆنی بۆ دەهات و ئەویش دەیگوت ئەوە (گەلاوێژ )ی هاوڕێمە یان(ئەڤین)ە یا فلانەکەس، ئینجا دەچووە دەرەوە لە حەوشەکە دادەنیشت و قسەی دەکرد، دیارە ژمارەکانیشی بەناوی کچەوە تۆمارکردبوو، رۆژێك مۆبایلەکەی لە ژوورەوە دانابوو، خۆشی چووبووە مەتبەخەکە، مۆبایلەکەی کردبووە بێدەنگ و تەنها گلۆپەکەی پێدەبوو منیش هەڵمگرت و بێئەوەی قسە بکەم، دەنگێك کەهی پیاوێك بوو قسەی کرد، لەمەوە زانیم کە پیاوێکە کە قسەم نەکرد هەر زوو دایخستەوە کە سەیری ژمارەکەیم کرد دەبینم بەناوی (ئەڤینە وە تۆمارکراوە، ئیتر منیش لای (هاژە) باسم نەکرد، چاودێرییەکی بەردەوام و نهێنیم لەسەر دانا، ئەو رۆژە قسەم نەکرد، شەو کە چووینە سەر جێگە ئەو رۆژە زۆر ماندووبووم هەر زوو خەوم لێکەوت، دەوری کاتژمێر(٢)ی دوای نیوە شەوبوو، کە لەبەر تینوێتی بە ئاگا هاتم و دەبینم(هاژە) لەسەر جێگاکەی نەماوە، گوێم هەڵخست و چاوەڕێم کرد هیچم نەبیست، بە ئەسپایی دەرگام کردەوە و چوومە دەرەوە دەبینم بە چرپە لەبن هەیوانەکە دانیشتووە و مۆبایل بە گوێیەوەیە قسە لەگەڵ کەسێك دەکات، چەندی هەستم راگرت نەمزانی چی دەڵێ، گوتم ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی بەم شەوە، هەر کە ئەو پرسیارەم لێکرد یەکسەر راچەنی و مۆبایلەکەی لە دەست بەربۆوە و ئەوەی قسەشی لەگەڵ دەکرد گوێی لە دەنگی من و بەڕوونەوەی مۆبایلەکە ببوو بۆیە هەر زوو دایخستبوو.

ئیتر دەبینم هەمان ژمارەیەکە بەناوی (ئەڤین)وە تۆماری کردبوو، بەمشەوە بووە مشتومڕ و دەنگە دەنگمان، ئیتر مۆبایلم لێساند و سیم کارتەکەیم لێوەرگرت.

تا نزیکەی هەفتەیەك بەمشێوەیە رۆیی، کەچی دووبارە دەبینم بێ ئەوەی بە منیش بڵێ سیم کارتێکی تری کڕیووەتەوە، چەند جارێك هەمان مشتومڕ و ناکۆکی پەیدابۆوە.

دواجار بڕیارمدا بچێتەوە ماڵی باوکی، دوو رۆژ پاشتر باوکی بانگی کردین و لە هۆی کێشەکەمانی پرسی، منیش رێك و رەوان کێشەکەم بۆی باس کرد، ئەویش گوتی تۆ بڕۆوە من خۆم دەزانم چۆن چارەی دەکەم، پاش چەند رۆژێکی تر باوکی لە دوای ناردم منیش چوومەوە لای و گوتی: کوڕم دەزانم کچەکەم هەڵەی کردووە، کە بە تۆی نەگووتووە لەگەڵ کێش قسەی کردووە، بەڵام سوێندی بۆ خواردووم کە ئەو لەگەڵ ژنێکی ناسیاوی خۆمان قسەی کردووە و ئەو ژنە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە بۆ ئەوەی (هاژە) ناوبژیوانیان لەگەڵ بکات، من بەم قسەیەی باوکی زۆر سەرم سوڕما، گوتم یا ئەوەتا باوکی بۆی پەردە پۆش دەکات یانیش ساویلکەیە و بە قسەی



*(نازم) ئێوارەکەی پێش ئەوەی بڕیاری یەکجارەکی خۆی لە بارەی دوا ڕۆژی ژیانی هاوسەرێتی خۆی و (هاژە) ی ژنی بدات، ژوانێکی هەبوو لەگەڵ (ئاسۆ)ی پارێزەر و هاوڕێی، ژوانەکەیان لە کافتریایەکی شار بوو، لە کاتی دیاریکراودا (ئاسۆ) گەیشت و دەستیان بە گفتوگۆ لە بارەی کێشەکەوە کرد و یەکەم پرسیاری سەرەکی(ئاسۆ) ئەوەبوو کە بۆچی دەیەوێ لە ژنەکەی جیابێتەوە وتەڵاقی بدات، (نازم) بەر لەوەی وەڵامی (ئاسۆ) بداتەوە داوای دوو چای کرد و پاکێتی جگەرەکەشی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و دوو سێ قومی بە قوڵی لێدا و ئەوجا بەمشێوەیە وەڵامی هاوڕێ پارێزەرەکەی دایەوە و گوتی:*

کچەکەی خۆشباوەڕانە باوەڕی هاتووە، بەهەر حاڵ پاش مشتومڕێکی زۆر و بە چەند شەرت و شروتەوە بردمەوە، بەڵام لە ماڵەوە هیچ خۆم تێنەدەگەیاند، سێ چوار هەفتە خستبوومە ژێر چاودێری خۆم ئەویش چاك دەیزانی کە چاودێری دەکەم بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد شتێکی وای نەدەکرد کە گومانی لێبکەم، بۆیە ماوەیەك وام نیشاندا کەوا چاودێریم زۆر لەسەری کەم کردۆتەوە.

ئیتر دوای ماوەیەك دەستی بە بەزمەکە کردەوە و وەکو دەڵێن خووەکەی دەست پێکردەوە، لەبەر ئەوە منیش ناچاربووم لەگەڵ باوکم و دایکم باسی ئەو کێشەیە بکەم و بە یەکجارەکی بیبڕێنمەوە، باوکم لەگەڵ ئەوە نەبوو تەڵاقی بدەم یان ژنێکی تری بەسەر بێنم، **کێشەکەش ئەوەبوو ژنە لە هیچی کەم نییە و کەچی ئۆقرە ناگرێ و ڕێز لەو ماڵە ناگرێ کە تیایدایە و بە ماڵی هاوسەرێتی دادەنرێت،** ئەو هەر لەسەر ئەم ڕەفتارانە بەردەوام بوو، هەوڵی زۆرم لەگەڵیدا و بزانم کێشەکانی چییە و بۆ وادەکات لەگەڵ ئەوەی من کە مێردیم کەچی قسە لەگەڵ پیاوی دیکە دەکات، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ناڕاستی و درۆکردن، بەم بۆنەوە دووجاری تر ڕەوانەی ماڵی باوکی کردەوە، نەخۆی چاك بوو نە باوك و دایکشی چاکیان کرد، بە کورتی بە مۆبایل لەگەڵ پیاوی دیکە قسەی دەکرد و لەگەڵ ئەوەش کە بەسەر قسە کردنەوە دەمگرت نکوڵی لێدەکرد و هەوڵی دەدا قەرزاریشم بکاتەوە.

لەبەر ئەوە دواجار بڕیارمدا کە من و ئەو ژنە لە یەك جیاببینەوە زۆر باشترە لەوەی بەو هەموو گومان و ڕاراییە ژیانی لەگەڵدا ببەمەسەر.

## یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لە دادگا

دوای ئەوەی (نازم) بەدرێژی هۆی کێشەکەی لەگەڵ (هاژە) بۆ (ئاسۆ)ی هاوڕێی باس کرد، ئینجا داوای لێکرد کە باشترین ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری یەکتر بن، ئەویش هەندێ ڕێنمایی کرد و گوتی: پێم باشە کێشەکە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورە نەکەن و دواجار دەکرێ هەردوولاتان لەسەر مەبلەغێك پارە ڕازی بن و کۆتایی بە هاوسەرێتییەکەتان بێنن.. پاش ئەو قسانەی (ئاسۆ) ئیتر نازم پێشنیارەکەی زۆر پێ باش بوو بۆ ڕۆژی دواتر هەموو هەوڵێکی خۆیدا کە لەگەڵ (هاژە) یان باوکی ڕێکبکەون و بەشێوەیەکی دوولایەنە پێکبێن و بە خۆشی و ڕەزامەندی هەر دوولا دەستبەرداری یەکتر ببن، دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ هەردوولا پێکهاتن کە(نازم) بڕێك پارەیان بداتێ و ڕازی بن لەسەر لێکجیابوونەوەیەکی ئارەزوومەندانە.. ئەوەبوو (ئاسۆ)ی هاوڕێشی کارەکانی بۆ نازم ڕێکخست و داوایەکی لە دادگای باری کەسی تۆمارکردو (هاژە)ش لە ڕۆژی دادبینییەکەدا بەخۆی ئامادەبوو و لەبەردەم دادوەردا دانی بەوەنا کە بە مەبلەغێك پارە پێکهاتوونە و مێردەکەی تەڵاقی داوە لە دەرەوەی دادگا بە ڕەزامەندی هەردوولایان، دادگاش دوای وردبوونەوە لە پەڕاوەکانی ناو کێشەکە پەسندی داواکەیانی کرد و پەیوەندی هاوسەرێتی نێوان(نازم) و (هاژە) بەهۆی گومان کردن و دڵسۆزنەبوونی ژنەکە بۆ مێردی، کۆتای پێهات.



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# کێ دەستدرێژی کردە سەر پرشنگ؟

ئا: باوکی میدیا



کاتژمێر سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ دەبوو، کە ئەفسەری ئێشکگر، لە ژووری خۆی دانیشتبوو، فڕی لە پیاڵە چایەکەی بەردەمی دەدا و سەیری پەڕاوەکانی دۆسییەکەی بەردەمی دەکرد، کە دۆسییەی ڕووداوێکی کوشتن بوو، ئەفسەری بەیانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوو، ئەویش دەبوو لایەنەکانی تری تەواو بکات، کە دادوەر داوای کردبوو، ئەو خەریکی هەڵدانەوەی هێواشی یەکە بەیەکەی پەڕاوەکانی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە بوو. لە پڕ پۆلیسەکەی بەردەرگا، لە دەرگای ژوورەوەی دا و سەلامێکی سەربازیانەی بۆ کرد و پێی گوت، گەورەم پیاوێك و کچێك هاتوونە و دەڵێن سکاڵامان هەیە، ئەویش ڕێی دان بێنە ژوورەوە، کە هاتنە بەردەمی بینی، پیاوێکی مەیلە و ئەسمەری تەمەن نزیك چل ساڵە بە خۆی و کچە ناکامەکەی کەتەمەنی لە نێوان شانزە و حەڤدە ساڵی دەبوو، هاتە ژوورەوە و بە کزی و مەلوولی سڵاوێکی لەرزۆکانەی کرد و چاوەڕێی وەڵامدانەوەی سڵاوکەی بوو لە ئەفسەرەکە و لێشی بپرسێ کە چی دەوێ و کێشەکەی چییە..ئەفسەرەکە سڵاوەکەی وەرگرتەوە و لێی پرسی کە چی دەوێ و سکاڵای چی هەیە؟ کابرا کەناوی (جەعفەر) بوو، دەنگی لەرزی و سەری لەبەری خۆی نا، وك ئەوەی بیەوێ پۆلیسەکە بچێتە دەرەوە. ئەفسەرەکە لە ئاماژەکە کابرا گەیشت و بەتیلەی چاو لە پۆلیسەکەی گەیاند کە ژوورەکە جێبهێڵێ و دەرگاکەش دابخات. ئینجا بە وردی سەیری کابرای کرد و گوێی لێگرت بزانێ چی دەڵێ، (جەعفەر)یش بەسەرهاتی خۆی بەمشێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ئەمە کچی گەورەمە و ناوی (پرشنگ)ە، تەماشای دەستەکانی و قۆڵ و باسکی بکە، بزانە هەمووی شین و مۆر بۆتەوە، یان نە، بزانە هەمووی شوێنەواری لێدانە یان نە.. کاکی ئەفسەر، ئەوە من وام لێکردووە، ئەوە چەند ڕۆژە بە لێدان و ئەشکەنجەدانی شلوکوتیم کردووە و چ جێیەکیم بە ساغی نەهێشتووە، هەموویشم لەبەرئەوەیە، هەتا ناوی ئەو کەسەم پێبلێ کە ئەو کەتنەی پێکردیە.

ئەفسەرەکە هەندێ ڕووداو و کێشەی وەهای دیتبوو، هەر یەکسەر زانی مەسەلەکە چییە، بەڵام بۆ ئەوەی قسەی پێ نەبڕێ و بەتەواوەتی بەسەرهاتی خۆی بە زاری خۆی بگێڕێتەوە، پاشان ئەوجا بوار خۆش دەبێ بۆ پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنی درۆ و ڕاستی قسەکان، لەبەر هەندێ کە (جەعفەر) جار جار لە قسە کردن ڕادەوەستا و چاوەڕێی دەکرد، بزانێ ئەفسەرەکە چ پرسیارانی لێناکات، یان دەموچاوی ناگۆڕێ، یان لەناکاو ئادگاری دەموچاوی دەگۆڕێ، هیچ خۆی تێکنەدەدا و نەپرسیاری لێدەکرد، نە سەریشی بۆ دەلەقاند، یان برۆی گرژ دەکرد، ئەوجا (جەعفەر) ناچار دەبوو، ئحمێکی دەکرد و دەستی بە قسەکردن دەکردەوە و دەیگوت: ئەوجا بەکاکی ئەفسەر بڵێم قسەکانی درێژە پێدەدا و بەردەوام بوو، ئەوە دوو سێ ڕۆژە ئەو کچەم لە ماڵێ بەستۆتەوە دەزانی بۆ؟ چونکە.. چت بۆ عەرزکەم کاکی ئەفسەر، لەبەر ئەوەی هەتیمەکی شەلاتی پڕی دایتێ و کردیتییە

ژن و پاش ئەو کەتنەش وەکی کێخوایان وا خۆی دێنێ و دەبا بێ منەتانە خۆی بادەدا و کەسیش هەتا ئێستا نەیگرتییە. بە کچەکەم گوت باشە چۆن وایلێکردی و لە کێندەر ئەو بەزمەی کردیە، لەشەرمان قسە ناکات و ئەوەندەشم کەلێی دایە ئەوجاش هەر ئاشکرای نەکردیە و نەکردییە، پاشان بە زۆری زۆردارەکی گوتی فڵانەکەسە ئەوجا لەبەر ئەو تاوانەی کە دەرهەق بە کچەکەی کردیە و شەرەف و ئابڕووی بردیمە، داوای گرتن و مەحکمە کردنی دەکەم. دوای تەواوبوونی قسەکانی، ئەفسەرەکەش لەسەر داوای ئەوان دۆسییەی بۆ کردنەوە و گوفتاری باوکەکەی بە درێژی وەرگرت، کچەکەش گوفتارەکەی خۆی بەمشێوەیە داو گوتی: کوڕەك وایلێکردیمە ناوی (هیوا)یە، دوکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ژنانی هەیە، رۆژێك لەگەڵ کچە مامەکەم، بە رێکەوت چووینە دوکانەکەی تا عەزییەکی درێژ بکڕم، هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەمەمان، چاوی لێداگرتم و لێوی لێ دەکروژتم، ئاخیری کە عەزییەکەی پێ فرۆشتین زۆری خاتر گرتین و نازانم کو بوو، ژمارەی مۆبایلەکەی لەسەر کاغەزێك نووسی و هاویشتییە ناو ئەو نایلۆنەی کە عەزییەکەی تێکردبوو، ئەمنیش کە چوومەوە وەکی بێ عەقڵان، چوومە سەربانی و بە مۆبایلی خۆم نوکەکەم بۆلێدا، ئەویش هەندەی نەبرد، تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، هەتا پێی کرا قسەی خۆشی بۆ کردم، دوو هەفتان ئەوها رۆژێك نا رۆژەك نوکەیەکم بۆی لێدەدا و ئەویش تەلەفۆنی بۆ دەکردمەوە، ئەو رۆژانە زۆر قسەی خۆش خۆشی بۆ دەکردم و سەد جاران خۆی بە قوربان دەکردم و پێی دەگوتم، تۆ چاوت زۆر جوانە، بە ژن و باڵات زۆر شەنگە، من تۆم خۆشویستووە و حەز دەکەم ئەگەر رازی بی، پاش ئەوەی بە جوانی یەکتر دەناسین و هەردووکمان یەکترمان خۆش دەوێ، ئەوجا بێمە داخوازیت، بەردەوام ئەو قسانەی پێ دەگوتم و ئەوجا چەند جارێك داوای لێکردم بچمە دوکانەکەی کراس و عەزییەی جوانی هێنایە کە دەچووم دەهێنایە دەرێ و دەیویست بە دیاری بمداتێ، ئەمنیش بێ عەقڵ بووم، بڕوام پێکرد و چووم، جاری یەکەم کراسێکی جوانی دامێ و دەستی گرتم و کوشی، جارێکی ترچوومە کارتێکی موبایلی دامێ، هەر جارێکی دەچوم شتێکی بە دیاری دەدامێ، پاش دوو سێ رۆژی تر کە چوومەوە دوکانی، نیوەڕۆ بوو، مۆبایلێکی پێدام و ئەوجا بردمییە بن جلکان کاتێکم زانی بوومە ژن و بۆیە لە ترسان رەنگم زەرد هەڵگەرا و لەهۆش خۆم چووم، کە واملێهات ئەویش زۆر زۆر ترسابوو، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دابوو بەهۆش خۆم بێنێتەوە، ئیتر زانیم چی لێکردیمە، ئەوجا لەبەر ئەوەی دایکم نەماوە، بەترس و لەرزەوە چووم بە پلکێکم کە دەکاتە خوشکی گەورەی بابم گوت، کەبەڵکو رزگارم بکات، ئەویش هات بەهەر جۆرێك بیت بەباوکمی گوت و باوکیشم دووسێ رۆژان دارکاری کردم، کەکێ وایلێکردیمە، بەڵام من نەمدەوێرا باسی بکەم، چونکە دەترسام بچێ کوڕەکە بکوژێت.

## دەستگیرکردنی تۆمەت خراوە پاڵ

ئەفسەرەکە بەوردی و بە هەستەوە گوێی لە هەردووکیان گرت و زۆری پرسیار لێکردن و زۆری هێنان و بردن، بۆئەوەی بزانێ قسەکانیان ناگۆڕن، یان داخۆ بوختان بەو کەسە دەکەن، یا هەر شتێك کە سوودی بۆ لێکۆڵینەوەکە هەبێ. دواجار گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دۆسییەکە وەکو گوفتارەکانیان داوە، ئامادە بکات و بینێرێتە بەردەم دادوەر، کە دۆسێییەکە گەیشتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئیشکگر، گوفتاری هەردووکیانی پەسەند کرد و هەر زوو بڕیاری دا دەمودەست کوڕەکە واتە (هیوا) دەستگیر بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، کاتژمێرێکی نەبرد، (هیوا) لەناو دوکانەکەی خۆی لەلایەن سێ پۆلیسەوە دەستگیر کراو کەلەپچەی لەدەست کرا. ئەفسەری لێکۆڵینەوە تێیگەیاند کە بۆ گیراوە و ئەو تۆمەتەی کە خراوەتە پاڵی چییە.

کە ئەفسەرەکە قسەکانی تەواو کرد، (هیوا) سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا کە شتی وای قەت نەکردووە و ئەوە تەنیا بوختانێکە پێی کراوە، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی لێکرا، ئەویش مەسەلەکەی بەمشێوەیە باس کرد و گوتی: هەمووی سێ هەفتەیە ئەو کچە دەناسم ئەویش هاتۆتە دوکانەکەم، بۆ جل و بەرگ کرین، هەر جارێکیش کە هاتووە کچێکی لەگەڵدا بووە، لە پێش دوکانەکەش یەك مەتریش چییە زیاتر نەهاتۆتە ژوورەوەی دوکان، دوو رۆژ پاش یەکەم سەردانی دووبارە هاتۆتەوە، ئینجا داوای ژمارەی مۆبایلی لێکردووم منیش پێمدا، یەك دووجار تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی دەگوتم، تۆم خۆش دەوێ !!، منیش دەمگوت، چ زوو منت خۆش ویست، خۆ تۆ نەدەمناسی و نە شارەزامی و نە دەشزانی داخۆ من تۆم خۆش دەوێ یان نە؟.. کەچی ئەو بەردەوام دەبوو لەسەر قسەکانی، پاشان یەك دووجاری تریش هاتەوە و هەر لە پێش دوکانەکە سەیری جلەکانی دەکرد، نە بەخۆی هاتۆتە ژوورەوە، نە منیش داوای هاتنە ژوورەوەم لێکردووە، ئەوە ئامێری مۆبایلەکەشمە، بزانن تەنانەت بۆ یەکجاریش چییە من تەلەفۆنیم بۆ کردووە، من شاهیدیشم هەیە کە نە ئەو کچە و نە هیچ کچ و ژنێکی تر نەهاتوونەتە ژوورەوەی دوکانەکەم، چونکە دوکانەکەم ئەو جێگایەی نییە شتی نابەجێی تێدا بکەی، شاهیدەکانیشم فڵان و فڵان و فڵانن کە دوکانیان بە تەنیشت دوکانمەوەیە..

پاش وەرگرتن و تۆمارکردنی ئەم وتانەی (هیوا) پەراوی لێکۆڵینەوەی خرایە بەردەم دادوەر، ئەویش بڕیاریدا بە پشکنینی دوکانەکە و وەرگرتنی گوفتاری ئەو کەسانە کە بە شاهید ناوی بردوون، چوار پێنج رۆژێکی پێچوو، (هیوا)ش هەر لە گرتووخانەدا بوو، تا ئەو شتانە کران. (هیوا) هەرچی گوتبوو،راست دەرچووبوو، بۆیە داوایەکی بەرز کردەوە کە ئازاد بکرێن، بەدەستەبەری، دادوەریش ئازادی کردبوو.

> **(هیوا) هەرچی گوتبووی راست دەرچوو، بۆیە داوایەکی بەرز کردەوە ئازاد بکرێت، دادوەریش بەدەستەبەری ئازادی کرد**

## دەستگیرکردنی کەسێکی تر

کە (هیوا) ئازاد کرا، لە کێشەکە هاتە دەرەوە، ئەمجارە (جەعفەر)ی باوکی (پرشنگ) داوایەکی پێشکەش کرد و گوتی فڵانەکەس وای لە کچەکەم کردووە، ناوی (سیروان)ە، ئەویش بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام (سیروان) دانی نا کە چەند جارێك پێکەوە بوونە و ژوانیان هەبووە، بەڵام شتی وای لەگەڵدا نەکردووە. ئەوەندە دانپیانانەی (سیروان) وایکرد کە لە بەندیخانە بمێنێتەوە، هەتا تەواو بوونی لێکۆڵینەوە و رەوانەکردنی کێشەکەی بۆ دادگای تاوان. دادگاییکردنی (سیروان) چەندین دانیشتنی خایاند و گەیشتە سێ چوار مانگ، بەڵام دواجار دادگا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەڵگەی پێویست و تەواو لە ئارادا نییە کە بیسەلمێنێ بەراستی ئەو تاوانە (سیروان) کردوویەتی، بۆیە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو ئازاد کرا.

(جەعفەر) سەری لەو بڕیارەی دادگا سوڕمابوو و نارەزایی خۆی نیشاندا و هەندێك خۆی هێناو برد، ئاخیرییەکەی هیچی پێنەما، بە سەرۆکی دادگای گوت باشە گەورەم (هیوا) نەبوو (سیروان) نەبوو، ئەی کێ وای لە کچەکەم کردووە؟ دادوەریش گوتی ئەوە لە خۆت و لە کچەکەت بپرسە.

# توندوتیژیی کەسایەتی ئافرەت وێران دەکات و کۆمەڵگاش لەبەها مرۆیی و شارستانییەکان دادەشۆرێ

**بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ژێندەری سەرەتا دەبێ هەموو تاکێک لەگەڵ ناخی خۆیدا ئاشتبێتەوە و لەرۆح و دڵی خۆیەوە دەستپێبکات**

توندوتیژی ژێنـــدەری، دیاردەیەکە تەنها لەجوغزی کۆمەڵگا موسڵمان و پاشڤەرۆکان چڕناکرێتـــەوە، بەڵکـــو لەهەمـــوو کوچە و پنتێکی دنیادا بەشـــێوەگەلی جیاواز پیڕەو دەکرێ، بەچەشنێك ئەو دیاردە نێودەوڵەتییە تـــەواوی ڕێســـا و دەســـتوورەکولتووری و ئایینـــی و نەتەوەییەکانی بەزاندووە و لەهەر شـــوێنێکدا نێر و مێ بوونی هەبێت ئەویش لەوێدایـــە، بەڵام ڕەنگە ڕێـــژەکان گۆڕانی بەســـەردابێت. لەبەرئەوە بۆ تێگەیشـــتن لەو دیاردەیە ناکرێ یەکسەر پەلاماری کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی و ئیســـلامییەکان بدەین. کاتێك ئەو قســـەیە دەکەین، مانـــای ئەوە نییە کە ڕێژەکـــە لەوڵاتانی ڕۆژئـــاوا لەئێمە زۆرترە یـــان وەك ئێمەیـــە، بێگومـــان لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان زۆر بڵاوترە، بەڵام زۆربەی وڵاتانـــی لەڕێـــی بەرپاکردنی شۆڕشـــی کۆمەڵایەتی گەورە پیاوان و ئافرەتان شـــان بەشـــانی یەکتر، بەشێوەیەك پیاوانی ئایینی و ڕۆشنبیرانیش تێیدا بەشـــداربوون و بوونە هۆی کەمکردنەوەی ئاســـتی هەڵاواردن و توندوتیژی ژێندەری و ڕزگارکردنی ئافرەت لەوابەستەیی و پاشکۆیەتی پیاوانەوە.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێیـــن، ئەو دیاردەیە ئابڕووچوونێکـــی مرۆڤایەتییە دژی هەموو بەهـــا و پێوانـــە مرۆییەکانـــە. لەبەرئـــەوە چارەسەرکردنیشی پێویستی بەهاوئاهەنگی و هارمۆنیەتێکی نێودەوڵەتی هەیە. بەشێوەیەك دەبـــێ چالاکگـــەر و داکۆکیکارەکانی ئەو بوارە لەتەماس و هەماهەنگی بەردەوامدابن لەڕێـــی دۆزینـــەوەی میکانیزمی گونجاو و هاوبـــەش بـــۆ بەگژداچوونـــەوەی، بەشـــێوەیەك بتوانـــرێ وڵاتان ملکەچ بکرێن بەو بەڵێنانەی داویانە، هاوکات لەگەڵ ڕووبەڕوونـــەوەی ئـــەو یاســـایانەی کە بۆنـــی توندوتیژی و هەڵاواردنی ژێنـــدەری لێدێت. چونکە ئەم مەسەلەیە ڕاســـتەوخۆ وابەستە و گرێدراوی توندوتیـــژی ژێندەرییـــە. هەڵاواردنـــی ژێندەریش، توندوتیژی ژێندەری لێدەکەوێتە، توندوتیژیـــش دەرهـــەق بەهـــەر کەســـێك پیڕەوبکرێ واتە پەراوێزخستنی قوربانییەکە وەك مرۆڤێـــك، لەزۆربـــەی وڵاتانیشـــدا هەڵاواردن و توندوتیژی نەك تەنها لەســـەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریدا بەدیدەکرێ، بەڵکو لەسەر ئاستی تەشریعاتە قانوونییەکانیش، بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کە سزای لەســـەر تاوانبارانی بەناو کڕینەوەی نامووس (غســـل العار) سووك دەکات، ئەوا نەك تەنها جەسارەت و بەڵگە دەداتە دەستی پیاوان بۆ ئەنجامدانی بەڵکو هانی نێرینەش دەدات بـــۆ بەردەوامبـــوون لەســـەر تاوانی کوشتن.

هـــەروەك نابـــێ ئـــەوە لەیادبکەین، کە کرانەوەی خێرای کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بـــەڕووی دنیـــای گلۆباڵـــدا و کولتووری ڕۆژئاوا و وەرگرتنی کوێرانەی هەر شـــتێك لەڕۆژئاواوە بێـــت، بەریەکەوتنی کولتووری و ئاســـتی توندوتیـــژی و هەڵاواردنیـــان لەڕۆژهەڵات زیاترکـــردووە، چونکە جیهانی ڕۆژئاوا هەموو ئەو دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەی کە ئەمڕۆ پێی دەنازێ لەشەو و ڕۆژێکدا بەدەستی نەهێناوە، بەڵکو پرۆســـەیەکی قۆناخبەدنیانە و مێژووکردە، بەرهەمـــی چەنـــدان دەوران و قۆناخـــی جیـــاوازە، بۆیە دەبێ ئێمـــەش زۆربەی ئەو قۆناخـــە مێژووییانە بەجێ بهێڵین تا دواجار دەگەینە هەمان ئەو دەسکەوتانە. ئەگەرچی ئێســـتا لەکۆتایی تونێلەکەدا تروســـکایی بەدیدەکەین، بەڵام کز و هێواشە، پێویستیمان بەئاکســـیۆنێکی سیاســـیی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و فیکری هەیە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە سەختگیرە. بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەلومەرجانەش، ســـەرەتا دەبێ لەگەڵ خـــودی خۆمـــان و لەگـــەڵ ڕۆح و زاتی خۆمانەوە دەســـت پێبکەین، ئینجا دەتوانین بـــەڕووی دەرەوەمان بکرێینەوە و میکانیزم و ســـتراتیژی میللی بگرینە بەر کە گرنگی بەبەهاکانی یەکسانی و نەهێشتنی هەڵاواردن بدات، چونکە بەبێ برەودان بەئاســـتەکانی هۆشیاری و گۆڕینی پاشخانی کولتووریمان مەحاڵە بتوانین ئافرەت لەزوڵم و بندەســـتی و زەبروزەنـــگ ڕزگاربکەیـــن و دواجاریش کۆمەڵگایەکـــی لێبووردە و تەندروســـت و ئایدیاڵی بەرهەم بهێنین.





نووسەر و ڕاگەیاندنکاری ئوردنی (سەلوا ئەللوبانی) بۆ گوڵان:

# توندوتیژیی، دەروونی نەخۆش و لەزرۆک بەرهەمدێنێ

**خانمە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئوردەنی سەلوا ئەلوبانی، یەکێکە ژنە داکۆکیکارەکانی چەمکی یەکسانی ژێندەری و هاوڵاتیبوون و، بەچالاکڤانێکی دیاری بواری مافەکانی ئافرەت دادەنرێت. ناوبراو، کە لەقاهیرەی پایتەختی میسر دادەنیشێت، دەرچووی بەشی سۆسیۆسیاسییە لەزانکۆی ئەردەن و لەزۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبیشدا بەنووسین و تێڕوانینە بوێرەکانی ئامادەگی هەیە. گوڵان بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی تایبەت بەتوندوتیژی ژێندەری ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.**

*** وەك دەزانین توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترسناکە، زیاتر لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا باوە، دەتوانین بەبەربڵاوترین دیاردەی نێو هەناوی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەك هیند و پاکستان و وڵاتانی ئیسلامی ناوی ببەین، بەڕای ئێوە فاکتەرەکانی چین؟**

- پێموانییە توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەك بێ تەنیا لەچەند وڵات و ناوچەیەکی دیاریکراودا بوونی هەبێ و لەشوێنی دیکەدا نەبێ، ئەوەتا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپاش بەشێوەیەکی فراوان هەیە، شکڵ و شێوازەکانی ئەو کردارە زۆر و جۆراوجۆرە، هەر لەتەحەروشی سێکسییەوە تا دەگاتە لاقەکردن و لێدان و بگرە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناشیرین بەرامبەر ژنان، بەڵێ تا ئێستا لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاماژەت پێدا ڕوانین بۆ ئافرەت ڕوانینێکی تاك لایەن و ناتەواوە، ئەوان پێیانوایە ئافرەت جگە لەکۆیلە و پاشکۆی پیاوان شتێکی دیکە نییە، عادات و تەقالیدەکانی کۆمەڵ پیاوانیان وا فێرکردووە کە ئەوان گەورە و باڵاترن لەژنان، هاوکات چەمکی (الرجال قوامون علی النساء) ڕۆڵی خۆی هەیە لەم جۆرە پەروەردە و تێڕوانینە، ناشکرێ ڕۆڵی فاکتەری ئابووریش لەبەرچاو نەگرین کە زۆربەی کات شریانی ئابووری خێزان ئەگەر ئافرەت کارکەریش بێ ئەوا هەر لەدەست پیاوانە و ئەوان تەحەکومی پێوە دەکەن، لەڕووی سیاسیشەوە دەتوانم بڵێم نەهجی سیاسی زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دواکەوتوو تاچەند ساڵێکی نزیك پێش ئێستا پاڵپشت و داکۆکیکاری پرسی ئافرەتان نەبوو، بەگشتی ئەوانەی باسم کردن فاکتەرە سەرەکییەکانی توندوتیژی دژ بەژنان بوون.

عادات و تەقالیدەکانی کۆمەڵ پیاوانیان وا فێرکردووە کە ئەوان گەورە و باڵاترن لەژنان، هاوکات چەمکی (الرجال قوامون علی النساء) ڕۆڵی خۆی هەیە لەم جۆرە پەروەردە و تێڕوانینە

*** ئەی بۆچی زیاتر لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکان بڵاوە، گەر بەراوردی بکەین بەکۆمەڵگە غەیرە موسڵمانەکان؟**

- نازانم ئەوە تا چەند ڕاستە، بەڵام وەك لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا

گوڵان
ژمارە (٧٥٠)
٢٠٠٩/٩/٢٨

ئاماژەم پێدا، ئەو دیاردەیە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی نییە، گەر لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکان زیاتر بەربڵاوبێ ئەوا بەڕای من هۆکارەکەی بۆ بەهەڵە تەفسیرکردنی ئایین و فەرموودە پیرۆزەکان دەگەڕێتەوە، سەیری تەلەڤزیۆنەکان بکەن ڕۆژانە پیاوانی ئایینی دەبینی فتوا دەدەن، من دەپرسم ئایا ئەوانە علم و زانیاری تەواویان هەیە لەفتوادان؟ ئایا ئەوانە تەواو لەئایین گەیشتوون و پسپۆڕن؟

لەراستیدا ئەمەش ئیشکالییەت و کێشەیەکی گەورەیە، گرفتی هەمەجۆر دەخولقێنێ.

*** بەڕای ئێوە تەنیا هەموارکردنی یاسا کۆنەکان و تەشریعکردنی یاسای نوێ بەسە بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی یان پێویستمان بەهەنگاو و پلانی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و ئابووریش هەیە؟**

- تەنیا یاسا و تەشریعاتەکانی بەس نین، چونکە بەهۆی یاساوە تەنیا بارودۆخەکە ئامادە دەکرێ بۆ چاکسازی، بۆیە دەڵێم هەر لەمنداڵییەوە پێویستمان بەهۆشیاری هەیە، خۆزگە ئەوە لەقۆناخە سەرەتاکانی خوێندنەوە دەکرا هەروەها ناشێ ڕۆڵی خێزانیشمان لەبەرچاو نەبێ کە بەقوتابخانەی یەکەم دادەندرێ، دەپرسم چ سوودێك لەداڕشتنی یاسای نوێدا هەیە کاتێك کە مێشك و بیری خەڵکی پڕ بێ لەعاداتی کۆنینە و بەسەرچوو؟

*** سەرباری زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافی ژنان، کەچی نەهامەتییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات هەر لەزیادبووندان خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان بەردەوامە، چۆن لەو واقیعە دەڕوانی؟**

- وەك لەوەڵامەکانی پێشوودا ڕوونمکردەوە، ئەو دیاردەیە گرێدراوی عادات و تەقالیدی کۆنینەی هەزارساڵییە، ئەو ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییانەی کە هەموو دڵ و مێشکیان داگیرکردووین بەئاسانی ناتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین، پێویستمان بەچاندنی چەمکی شارستانی و مۆدێرنە، بێگومان پرۆگرامەکانی خوێندن و کایەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەتوانن هاریکار و یارمەتیدەر بن.

*** ئەو ئاسەوارە نێگەتیڤانە چین، کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەسەر کۆمەڵ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی جێدەهێڵن؟**

- بەڕای من ترسناکترین ئاسەوار، ئاسەواری دەروونییە، توندوتیژی دەروونی نەخۆش و لەرزۆك بەرهەمدێنێ، دەروونێك کە نەتوانێ ڕاست و دروست لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵبکات، ئەو دایکەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە چۆن دەتوانێ ڕێکوپێك منداڵەکەی پەروەردە بکات، کەمن ژمارەی ئەو ژنانەی کە توانیویانە خۆیان لەزەبروزەنگ و کاریگەرییەکانی توندوتیژی دەربازبکەن، چونکە خەوش و گرێ دەروونییەکان پێچەوانەی نەخۆشییە جەستییەکان چارەسەریان گران و قورسترە، گەر چارسەریش بکرێن نیشانە و ئاسەوارەکانیان هەر دەمێنێ.

*** ئەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا چ ئەرك و کارێکیان لەئەستۆدایە یان چۆن و بەچ میکانیزمێك دەتوانن هاریکاری لەکەمکردنەوەی توندوتیژیدا بکەن؟**

- ئەم سەردەمە سەردەمی ڕاگەیاندنە، میدیا بەهێزترین و کاریگەرترین هۆکاری دروستکردنی گۆڕانکارییە، بەڵام من پێموایە هێشتا میدیاش بەتایبەت ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی پێویستی بەراستکردنەوەی ئەو ڕوانگە و وێنە هەڵەیە هەیە کە سەبارەت بەئافرەت دەیخاتەڕوو، سەبارەت بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش پێموانییە ئەوان بتوانن گۆڕانکاری قووڵ و ڕیشەیی بکەن، ئەوەی دەیکەن تەنیا کاریگەرییەکی کاتی و دیاریکراوە، بەکورتی ڕاگەیاندن گەورە و باڵادەستی ئەو سەردەمەیە، ئەو دەتوانێ شتی گەورە بکات.

*** باشترین نەخشەڕێ بۆ کەمکردنەوە و دواتر قەڵاچۆکردنی توندوتیژی ژێندەری چییە؟**

- هۆشیاری...، هۆشیاری دیسانەوە هۆشیاری، دوای ئەوە ئینجا ڕۆڵی یاسا و تەشریعات دێت، لێرەدا مەبەستم تەنیا داڕشتنی یاسا نییە، بەڵکو جێبەجێکردنییەتی، بەکورتی پێویستە یاسا سەروەر بێ.

*** ئەی چۆن لەکاریگەری ئەو ژینگە و نێوەندە جوگرافیە دەڕوانی کە ئافرەت تێیدا دەژیەت، واتە ئاستی (ئاستی خوێندەواری و جۆری پیشە و، لایەنی کۆمەڵایەتی و.. تد) چ ڕۆڵێکیان هەیە لەکەمکردنەوەی توندوتیژی؟**

- بێگومان ئەو هۆکارانە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن، بەڵام ئافرەت هەیە خودانی ئەو هەموو هۆکارەیە کەچی ناشتوانێ ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییە ببێتەوە کە بەرامبەری ئەنجامدەدرێ، لێرەدا هۆکارەکە کۆمەڵگەیە، کە تا ئێستا بەداخەوە ئافرەت و خێزان نەیانتوانیوە خۆیان لەترس و دێوەزمەی مەرگ ڕزگار بکەن.





# شـــوبراكـــەی بۆچـــی شۆخانی كوشت؟

***دەڵێن تـــاوان هەرچەندی كۆنیش بێت، ئاخیرییەكەی هەر ئاشـــكرا دەبێت، ئـــەوەش قســـەیەكی راســـتە و رێك وەكو رووداوەكەی كوشـــتنی (شـــۆخان) وێك دێتـــەوە، ئـــەم رووداوە ســـاڵانێك بەر لە ئەمـــڕۆ روویداوە و دوای بەســـەرچوونی ماوەیەكی زۆریش ئەوجا ئاشـــكرا دەبێت، لەم رووداوەدا (شۆخان) كە بەهۆی مردنی مێردەكەیەوە بێوەژن دەكەوێت شـــوبرایەكی تەماحكاری، كە نـــاوی (تاریق) دەبێ، چەندی هەوڵ لەگـــەڵ دەدات بیخوازێت بێ ئـــاكام دەبێت و دواجار لە شـــەوێكی تاریكدا لەناوجێگادا دەیخنكێنێ. ئەو ژنە (شۆخان) چارەنووسی وابوو كە لە تەمەنی (٢٠) ســـاڵی مێرد بكات و لەتەمەنی (٢٨) ســـاڵیش مێردەكـــەی بمرێـــت و بەرپرسیارێتی بەخێوكردنی منداڵەكانی بكەوێتە ئەســـتۆی خۆی، شـــوبراكەی بۆچی دەیكوژێ و لەسەرچی ئەم تاوانە دەكات؟ وا لێـــرەدا لە میانی گێرانەوەی بەسەرهاتەكە روونی دەكەینەوە...***

**خوازبێنی**

(شـــۆخان) لە هەرەتی لاوێتی و جوانی و بەهاری تەمەنی خۆیدا بوو، كە (هەڵكەوت) دەچێتە خوازبێنی. هەڵكـــەوت بە رێكەوت، كە بۆ كارێكی خۆی رێی بە فەرمانگەیەك دەكەوێت چـــاوی بە چاوەكانی (شـــۆخان) دەكەوێت. هەر ئەو دیتنە بوو كە (هەڵكەوت) مەیلی دەكەوێتە سەرو دڵی بۆ دەجولێ. ئەوە وا دەكات بە هەر بیانوویەكەوە بێت (هەڵكەوت) چەندین جاری تریش بەو بیانووەی كە ئیشی لەو فەرمانگەیە هەیە و ناســـیاوێكی خۆی لێیە ســـەردانی فەرمانگەكە بكات. ئیتر لە هەوڵ و سۆراغی (شۆخان) دا دەبێ بۆ ئەوەی باشـــتر و چاكتر بیناسێت و لێی نزێك بێتەوە. خۆ ئەگەر بە تەواوەتی بەدڵی بێ و كچەش ئەمی بەدڵ بێت و خوا بیكاتە قسمەت بچێتە خوازبێنی كچە، بۆ ئەم مەبەســـتە ماوەیەك پرسیاری لە خزم و برادەران كرد و توانی خوو رەوشت و ناوبانگ و ئاكاری كچە و ناوبانگی خێزانەكەی بزانێ و هەمووشـــی هەر بە دڵی كـــورە بوو، بێجگە لەو شـــتانەی كە دەیكرد واشـــی كرد لە كچە بگەیەنێ كە سۆراغی دەكات و مەبەستیشـــی لەم ســـۆراغ كردنە نییەتێكی پاكە. بۆ ئەوەی هەر لە ســـەرەتاوە

هەڵوێستی کچە بزانێ، داخۆ ڕەتیدەکاتەوە یان دەزگیراندارە، یان ڕەنگە جارێ مێرد نەکات، یان لەوانەیە هەر لە بنەڕەتدا پێی رازی نەبێ، ئینجا هۆکار هەرچییەك بێت، ئیتر کچە لە هەوڵەکانی (هەڵکەوت) گەیشت و لە ڕێی قاسیدێکەوە هەواڵی بۆ نارد کە ئەگەر نیازی پاکە ئەوا بابێتە خوازبێنی، خۆ ئەگەر نیازی شتی دیکەشی هەیە باخۆی ماندوو نەکات و دەست هەڵبگرێت، ئەم وەڵامە بووە هاندەرێکی تر کە (هەڵکەوت) دوای ماوەیەك لە گەڕان و پرسیار کردن لەو کچە، بنێرتە خوازبێنی. ماڵی (شۆخان)یش داوای دەرفەتێکیان کرد تا لە کوڕە بپرسن و ناو وناوبانگ و خووڕەوشتی کوڕە لە ناو خەڵك بزانن، ئینجا وەڵامیان بدەنەوە، ئەوجا وەڵامەکەیان بە بەڵێ بێ یان نەخێر.

ئینجا دوای بەسەرچوونی دوو هەفتەیەك، پاش ئەوەی بەتەواوەتی لە (هەڵکەوت) یان پرسی و لە خاوخێزانەکەیان پرسی زانیان کە هەم خۆی و هەم خێزانیشی، باشن و شایانی خزمایەتین (هەڵکەوت)یش بە کاری بازرگانی و هێنانی بە کۆمەڵی کەلوپەلی کارەباییەوە خەریکە و لە هەموو ڕوویەکەوە بێ خەوشە.

بەمجۆرە ڕەزامەندیان نیشان دا کە (شۆخان) ی کچیان بدەنە (هەڵکەوت). بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ژن چوونە خوازبێنی و لەسەر هەموو شتێ قسەیان کرد و مەسەلەکەیان بڕاندەوە، ئینجا دوای دوو سێ ڕۆژی تر پیاو چوون و بەشێوەیەکی ڕەسمی داوای دەستی (شۆخان)یان کرد و ماڵی (شۆخان)یش رازی بوون. ئینجا تەدارەکی گواستنەوەش دوای مانگێك لە خوازبێنی کردن و مارەکردن ڕێکخراو بە ئاهەنگێکی پڕ لە خۆشی و شادییەوە (هەڵکەوت) (شۆخان)ی گواستەوە. ئیتر ژیانی هاوسەرێتییان بە خۆشی و کامەرانی دەستپێکرد و هەڵکەوتیش ڕۆژ بەرۆژ خۆی باشتر پێدەگەیاند و ماندووتر دەکرد و بڕێ باشتر و زیاتری بە بازرگانییەکەی خۆی دا و خانوویەکی مامناوەندی کڕی. دوای ماوەیەکی تر کە قازانجی پتر و زیاتر بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی کۆمپانیایەکی دانا و کارەکانی خۆی فراوانتر کرد. ئەوەبوو پاش ماوەیەکی تر خانوویەکی گەورەتر و مۆدێل تازەتریشی کڕی. پارچە زەوییەکی گەورەش هەر لە تەنیشت خانووەکەی خۆی بوو، لە خاوەنەکەی کڕی. دوای ئەوەی کە ژنەکەی منداڵی نۆبەرەی بوو. پارچە زەوییە گەورەکەی بەناوی منداڵەکەی کرد. ئینجا لە شوێنێکی تر پارچە زەوییەکی دیکەی کڕی بۆ ئەوەی خانوویەکی تازەی لەسەر بکات، ئەو خانووەی خۆشی بە کرێ بدات. هێشتا منداڵی دووەمیان نەبوو بوو، ڕۆژێك بە خەیاڵی دا هات ئەو خانووەی کە تیایدان بەناوی ژنەکەی بکات و ئەو خانووەش کە بە نیازە لەسەر زەوییەکە دروستی بکات بەناوی خۆی بمێنێتەوە.

## چاوچنۆکی تاقە براکەی

(هەڵکەوت) جگە لە خۆی و دوو خوشك و برایەکی تری هەبوو کە لە خۆی بچووکتر بوو، ئەو برایەی هەتا بڵێی تەماحکار و چاو برسی و مادی بوو. ناوی (تاریق) بوو. (تاریق) زۆری حەزی لە دەوڵەمەندی و خۆ زاڵکردن هەبوو. زۆری پێ سەیر بوو (هەڵکەوت) ی برا گەورەی بەو جۆرە ماڵ و موڵکی خۆی بەناوی ژنەکەی و کوڕەکەیەوە دەکات، باوکیان گەراجێکی گەورەی هەبوو، (تاریق) سەرپەرشتی دەکرد و بەڕێوەی دەبردی. باوکی دەسەڵاتێکی زۆری دابوویێ لە بەڕێوەبردنیدا، زۆری هەوڵدا باوکی بەناوی ئەم بکات. چەند جارێك چووە، بن کلێشەی باوکی تا گەراجەکەی بەناو بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوکی بەتەواوەتی ڕەتیکردەوە و پێیگوت، کوڕم بڕەك خۆت بەرزەوت بکە، لە چت کەمە، وا گەراجێکی گەورەم خستۆتە بەردەستت. پاش فەشەلهێنانی رازی کردنی باوکی، بیری لەوە دەکردەوە (هەڵکەوت)ی برای رازی بکات، هاوکاری بکات کە تا باوکی رازی بکەن. بەڵام کە گوێبیستی ئەوە بوو (هەڵکەوت) خانوو و پارچە زەوییەکەی بەناوی ژنەکەی و منداڵەکەیەوە کردووە، واقی وڕما، سەری هێنا و سەری برد، لەوە نەگەیشت کە بە چ پاڵنەرێکەوە ئەم کارەی کردووە. دواجار گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەگەر بە براکەی بڵێ ئەم خانوو و پارچە زەوییەی بەناوی ئەمەوە بکات، لەوانەیە پێشی خۆش بێ. زۆریشی پێ سەیر بوو کە خانووەکەی بەناوی ژنەکەیەوە کردبوو. ئێوارەیەك چووە ماڵی (هەڵکەوت) دوو بە دوو دانیشتن و بەشێوەیەکی فروفێڵاوی و بەشێنەیی مەسەلەکەی کردەوە و پێی گوت: برام شتێکی چاکت کردییە کە ئەو موڵکانەت کرییە، بەڵام وەڵڵاهی هەڵەیەکی گەورەت کردیە کە بەناوی ژن و منداڵتەوە کردووە (هەڵکەوت)یش سەری لەو قسەیەی (تاریق) سوڕما و بەوشێوەیەیە لێی پرسی کە بۆچی هەڵەی کردووە؟ ئەویش گوتی: برام کێ موڵك بەناوی ژنییەوە دەکات؟! یان کێ تا ئێستا موڵکی بەناوی منداڵییەوە کردووە؟ کێ ناڵێ ئەو منداڵەت گەورە دەبێ و تۆش کە پیر دەبی هەر لەماڵ وەدەرت نانێن؟ هەندێکی تر خۆی هێناو برد، کە قسەکانی تەواو کرد، (هەڵکەوت) ویستی بە تەواوەتی لە نیازی دڵنیا بێت، بۆیە پێی گوت، ئەی باشە تۆ کێت پێ باشە بەناوییەوە بکەم. (تاریق)یش وای زانی ئامانجەکەی پێکاوە، بێ دوودڵی گوتی، هەی لەمنت نەکەوێ برام، ئەدی من نابینی، وەرە بەناوی منیان بکە و منیش وەکو بیلبیلەی چاوم دەیانپارێزم بۆت. (هەڵکەوت) لە مەسەلەکە گەیشت و تفەکی موستەحەقی لێ کرد و تا گرتی شەقزللەیەکی خێواندە بناگوێی و پێی گوت: هەی هیچ و پووچی چاوچنۆك، خۆ جارێ من نەمردوومە، بە زیندوویێتی میراتم لێدەخۆی. ئەو قسانەی پێگوت و دەریکرد، ئیدی نەیهێشت چیتر هاتووچۆیان بکات، (هەڵکەوت) کە دەچووە ماڵی باوکیشی قسەی لەگەڵ ئەو نەدەکرد.

## مردنی هەڵکەوت

(هەڵکەوت) تازە ئیشێکی کۆمپانیایەکەی گرتبوو، نیوەڕۆیەك کە لەسەرکار دابوون و خەریکی ڕووخاندنی لادیوارێکی گەورەی باڵاخانەیەك بوو، یەکێ لە ئامێرەکانی بڵندکردن دەمەکەی تێکچوو، لەم تێکچوونەدا ئەو خوڵ و خاشاك و شەڵمانانەی باری کردبوو، لەناو دەمەکەیدا بوو بەربوونەوە و پارچە شەڵمانێکی گەورە بەر سەری (هەڵکەوت)کەوت و دەمودەست کوشتی. بەمجۆرە ژنەکەی و منداڵەکەی لەپاش بەجێ دەمێنێ، دوای بەسەرچوونی تازییە و پرسە (تاریق) بەخۆی دەکەوێ و مرخی خۆی لە (شۆخان) خۆش دەکات، زۆر خۆی دەهێنێ و دەبات، بەڵام هیچ هەڵوێستێکی نەرم یا ڕوویەکی خۆش لە (شۆخان) نابینێ. بە هەر شێوازێك بێت لەباوکی دەگەیەنێ کە براژنەکەی هێشتا هەر جاحێڵە و با بۆ بێگانە نەبێ و بێ سەرپەرشت نەمێنێتەوە و ئەو ئامادەیە بیخوازێت. باوکی شتەکەی زۆر پێ نابەجێ دەبێ، بەڵام بەهەر جۆرێك بێت سەرە باسێك لەگەڵ (شۆخان) دەکاتەوە، ئەویش بە توندی ڕەتیدەکاتەوە و بەڵێن دەدات کە نەك بەو مێرد بەهیچ پیاوێکی سەرزەمینیش ناکات، بەمجۆرە (تاریق) بەتەواوەتی لە (شۆخان) بێئومێد دەبێت، بۆیە هەوڵدەدات بە

**ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە، ئەوانیش دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی کەسێک دەستگیر بکەن، بەمجۆرە پرسە تەواو دەبێ بێ ئەوەی بزاندرێ بکوژەکە کێیە!**

فرۆفێڵ تووشی بکات، نەخشەیەك دادەنێ و برادەرێکی نزیکی خۆی تێدەگەیەنێت کەوا مەبەستەکەی پاکە و هەموو ئامانجی ئەوەیە منداڵی براکەی نەکەوێتە بەردەست کەسێکی بێگانە و براژنەکەی نەبێتە ژنی یەکێکی تر. ئینجا وای تێدەگەیەنێ کە وا بکات هەوڵبدات پەیوەندییەك لەگەڵ (شۆخان) دروست بکات. ئەم نەخشەیە جێبەجێ دەکات، بەڵام هیچی لێ شین نابێت و سەرکەوتوو نابێت. هەندێك هەوڵی دیکە بە شێوازی دیکە دەگرێتەبەر هەر سوودی نابێ. دوو سێ جاران دەچێتە ماڵی براژنەکەی، ئەویش هەموو جارێك کەتێدەگا بۆ سەردانی کردووە، دەریدەکات.

(تاریق) لەرقان بەردەوام چاودێری دەکات و دووربەدوور چاوی خۆی لەسەر دادەنێ. ئێوارەیەکیان پیاوێکی دراوسێی ماڵی (شۆخان) هاوکاری دەکات و مزەخەی ئاوی بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی تانکیەکەیان پڕ بکات، کە (تاریق) ئەوە دەبینێ، لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەمە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پیاوە هەیە، بۆیە وا دەکات، هەر ئەوشەوە بە نهێنی خۆی ئاودیوی ماڵی براژنەکەی دەکات و دەچێتە ژووری نووستنی و بەهێز و توانای خۆیەوە سەرینێك دەخاتە سەردەمی و دەیخنکێنێ و یەکسەر خۆی دەرباز دەکات. هەر بەمشەوە و هەر بەنهێنییەوە دەچێتەوە ماڵەوە و خۆی دەخزێنێتە بن جێگا. بۆ بەیانییەکەی دەبێتە هەڵلا و هەواڵی مردنی (شۆخان) بڵاودەبێتەوە، ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە ئەوانیش دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی کەسێك دەستگیر بکەن، بەمجۆرە تازییە و پرسەدادەنرێ بێ ئەوەی کەس بزانێ کە بکوژی (شۆخان) کەس نییە جگە لە (تاریق) خۆی. ئەم تاوانە دەکرێ و (تاریق)یش ئاشکرا نابێ، بەڵام دوای سەرگوم بوونی ئەم تاوانە شەو و ڕۆژ لە خەیاڵی (تاریق)دا دەبێ، شەوانە بەدەیان شێوە و جۆر، دووچاری خەونی ناخۆش و مۆتەکە دەبێ، وای لێدێ دووچاری نەخۆشی دەروونی دەبێ و چەند جارێك لێی توند دەکات و باوك و دایکی ناچار دەبن بیبەنە لای پزیشك و چەند جارێکیش لە نەخۆشخانە دەیخەوێنن. ماوە ماوە بەری دەدات و ئاسایی دەبێتەوە پاشان دووبارە باری تەندروستی تێکدەچێ و نەخۆش دەکەوێتەوە. (تاریق) هەر جارەی کەتێکدەچوو، چاوی بە منداڵەکەی (هەڵکەوت) دەکەوێت لە هورژمی گریانی دەدا و هەتا منداڵەکەیان لە پێش چاو لانەدەدا ئاسایی نەدەبۆوە، ماوەیەکی زۆر بەم حاڵەوە دەمێنێتەوە. شەوێك دێتە خەیاڵی خۆی بکوژێ.

دواجار دەرمانێکی ژەهر دەکڕێ و شەوێك دەگاتە حاڵەتێکی کوشندەی ئازاری ویژدان، ئیتر لەسەرکاغەزێك تۆبە و پەشیمان بوونەوەی خۆی لەو تاوانەی کە وەختی خۆی کردبووی و (شۆخان)ی بێ گوناهی تیایدا کوشتبوو دەنووسێ و ئەوپەڕی پەشیمان بوونەوەی خۆی رادەگەیەنێ. لە بەرامبەر پاك بوونەوەی لەم تاوانەش بڕیاری خۆکوشتن دەدات و دەنووسێ: پاش ئەوەی نەمتوانی چیتر ئەو باری گوناە و تاوانەم لەسەر شانم بهێڵمەوە، بڕیارم دا خۆم سزا بدەم و تۆبە بکەم. ئینجا لە کاغەزەکەدا هۆی کوشتنەکە و چۆنییەتی کوشتنی (شۆخان) دەنووسێ و داوای لێبوردن لەمنداڵەکەی دەکات و کۆتایی پێدێنێت. بەیانی تا دەرەنگانێك دایکی چاوەڕێ دەکات بێتە دەر لە ژوورەوە، بەڵام چ دەنگوباسی نابێ. یەکێ لە کچەکانی دەنێرێ و پێی دەڵێ کچم بڕۆ بزانە (تاریق) بۆ نایەتە دەرەوە، خەریکی چییە؟ کە کچەکە دەچێتە ژوورەکەی و کەلەشی (تاریق) دەبینێ و وا لەم ناوە کەوتووە دەمی کەفێکی سپی کردووە و رەنگی مردوویانی گرتووە، دەیکاتە قیژە و لە خۆدان. بەهەر حاڵ هەواڵ دەدەنە باوکی و ئەویش دێتە سەری، تەماشا دەکات مردووە، وەختێك کاغەزەکە دەبینێ، دەیخوێنێتەوە. لەگەڵ خوێندنەوەکەی هۆن هۆن فرمێسك بە چاویدا دێتە خوارەوە و بە کوڵ دەگرێ. پاشان مەسەلەکە لە ژنەکەی دەگەیەنێ، کە چ کارەساتێك ڕوویداوە، ئەمانیش ئاگایان لێی نەبووە. بەمجۆرە دوای ساڵانێك ئینجا چۆنییەتی مردنی (شۆخان) ئاشکرا دەبێت و دەشزاندرێ هۆی مردنەکەی چی بووە. باوکی بە چاوی گریانەوە هەر ئەوەندە دەڵێ، وەرن هەڵیگرن حاڵی من و ئەویش زۆر پەرێشانە، ماڵی دنیا کەس ناناسێ و تەماحی مرۆڤ شتێکی زۆر پیسە، مرۆڤ ویژدان و چاوی کوێر دەبێ، ئەگەر بکەوێتە ژێر رکێفی تەماحەوە.

